# شەونم

## هۆنراوەی (24)

مطلب طاعت و پیمان و صلاح از من مست

مەبە بۆ تاعەت و پەیمانێ بە هیوای منی مەست
کە بە مەیخۆرەوە ناسراوم ئەمن رۆژی ئەلەست
من لەسەر کانی ئەوین ئەودەمی دەس نوێژم گرت
لە هەموو بوون و نەبوونێکی جیهان شوشتم دەست
بدە مەی تاکوو لە ئەسراری قەزا تێت گەیەنم
کە ئەمن عاشقی کێ بووم و لە بۆنی کێ مەست
کێو وەکوو نێوقەدی مێروولە زەعیفن لێرە
ناهومێدی کەرەمی خوا مەبە ئەی بادەپەرەست
غەیری ئەو چاوەخومارانە کە دوور بن لە بەڵا
لە بن ئەو گومبەزە نەیکردووە کەس خۆشی هەست
گیان فیدای ئەودەمە بێ وا لە گوڵستانی وجوود
خاوەنی باغی جیهان جوانتری لەو خونچە نەبەست
وەک سولەیمان بوو بەهۆی دەوڵەتی عیشقت حافز
چۆنکە وەسڵی نەبوو لەو دەوڵەتە بای ماوە بە دەست

**حافزی حەقیقی**